سەرۆک وەزیران و جەنگری وەزیری گەنجینەی ئەمریکا کەبوونەوە

ئەمە سەشەمە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەلی ئادیمە، یاریدەدەری وەزیری گەنجینەی ئەمریکا، هاوکارییەکانیان بە ئامادەکردنەوەی ئەو بانکەکانە کە مەرج و ڕێکارەکانی ئەمریکا لەسەریان جێبەجێکراوە دووپاتکردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردووە" بەربەیانی ئەمە (بەکاتی بەغدا)، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی لە واشنتۆن پێشوازی لە وەلی ئادیمە، جەنگری وەزیری گەنجینەی ئەمریکاو شاندی یاوەری، بە ئامادەبوونی پارێزگاری بانکی ناوەندی عێراق کرد، ئاماژە بەوەی کرد کەلە میانی کەبوونەوەکدا، باسیان لە بوارەکانی هاوکاری نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردووە، لە بواری دارایی، بانکی و بوارە ئابوورییەکان بە گشتی، و ئەو هەنگاوانەی کە حکومەت دەستی پێکردووە بە چاکسازی لە کەرتی دارایی و بانکیدا.

هەروەها وتی" لە کەبوونەوەکدا گفتوگۆکرا لەسەر بەردەوامی هاوکاری لەبارەی چاکسازی دارایی و بانکی، هەروەها ئەگەری هاوکاری لە ئامادەکردنەوەی ئەو بانکانەی کە لەلایەن گەنجینەی ئەمریکاوە خراونەتە ژێر ڕێکاری تایبەتەوە، بە ئامانجی گەیشتن بە پابەندبوون بە ستاندارد نێودەوەتییە

پەسەندکراوەکان، ئەویش بە هەماهەنگی لەگەڵ بانکی ناوەندی عێراق.

جەگری وەزیری گەنجینەی ئەمریکا ستایشی ئەو ڕۆشوەنانەی حکومەت گرتووەتەبەر بە بەدیهێنانی چاکسازییە ئابوورییەکان و هەوڵەکانی لە وەبەرهێنانی وزەی گونجاو کرد، هەروەها ڕێکارەکانی بانکی ناوەندی عێراق بە کاراکردنی کاری بانکە عێراقییەکان و کردنی گواستنەوەی دارایی لە ڕێگەی بانکە پێوەندیدارەکانەوە، کە گەیشتە 80% کەی گواستنەوەکان بەرز نرخاند.